# مەکتوب



هاشم سەڕاج

بوتڵێک «بلاک جاک»مان نۆشی و
سەرمەست و سەرخۆش و سەرگەردان
دەخولاینەوەو دەخولاینەوەو دەخولاینەوە
پاشان
لە ئۆفیسە شووشەبەندەکەی - شێروان - دا
پشوومان دا
شتگەل لەفەزای قەشەنگی ئەزەلدا
دەڕەقسان و
شەپۆل شەپۆل شەپۆل
شەپۆل شەپۆل
لەتە کریستاڵی وردی پرشنگداری حەسرەتاوییان
پەرشدەکردو
مووچڕکی غوربەت و شەیدایی بەلەش و رۆحی
زەمەندا دەهات دا
ئەی خودا
رستە بەخرۆشانەوە سەرەڕۆو
تلیاکی پیت بەنەشئەو حەز
دڵیش بەتەزووی ئەڤینەوە

دوای دەنگدان، ئازادو ئاسوودە بووین و
دڵ پارچە ئاگرێکی سەوداسەری
لەززەتدارو غەمگین
دەتگوت: لەتە هەورێکی سپی ئامالڕەشەو
لەخۆوە، لە ئاسۆی ئاڵۆزی ئەبەددا
دەلەنگێ و گۆرانی بۆ رەها دەڵێ
هێدی هێدی هێدی هێدی
بەڕێ کەوتین و لەودیو مەرزی
ژاوەژاوە جوانەکەدا.. دانیشتین و

گیرۆدەی لەوحی جوانی
لەنزیک مێزە پانوپۆڕەکەی شەودا
چەند کۆپلە شیعریکی «سورخی و هەندرێن و موتەڵیب»مان
خوێندنەوەو تاوێ خرۆشاین!
رۆح بیابانێکی وێرانەو بێ لەنجەی سەراب چ دەکا!
من نازانم لەم گەردوونە بێ سنوورەدا بەدوای چیدا
وێڵم و تاکەی چرکە ئاگرینەکانی
عیشق و سۆزو جوانی و هۆگری دەنووسمەوە!
«جەمال» گۆرانییە غوربەتاوییەکانی میهری
دەچڕی و - جەمال - لە خاپوورگەی راشکاوی شەودا
عەتری تەڕی پرچی «لازۆ»ی هەڵدەمژی و
حەشیشی مەرگی دەکێشا
چ کتێبێکی داخراو و شێواوو
ئاوریشماوییە وجود ئەی خودا
چی وا نەمابوو، لەگەڵ «هەیواز»دا
پیاڵەی دڵی «رزگارو هەڵۆ» بشکێنین
هەر باش بوو، «حەسەنی موسافیر»
هەواڵی شیفای زارۆکەکەی پێداین و
دووبارە سەرمەست و بەلەنگاز
ژیانمان بەکەرنەڤاڵ هێناو
زیواڵ زیواڵ لەت لەت زیواڵ زیواڵ
تیکە تیکە لەت لەت
پێست و پۆشاکی خەفەتمان دادڕیدا
«سوب سەحەر» رابووین
بێ شنگ و شەکەت و خانە خراب
دوای بیست و چەند ساڵێک «بەختیار عەلی»م
بینی و چاو فرمێسکی تێزا.. ئەی خودا
زیندەگی هەمیشەو هەمیشە
بەسۆزو ئەڤینەوە جوانەو چیتر نا!
بەرێ کەوتین.. بۆ کوێ؟!
لەرێگادا.. لاماندا
چەند دانە - ماسی - یەکی رەنگاورەنگمان کڕی
ئای خودای من
مرۆڤ چەنێ چڵێس و درندەو دڵ پڕ ئیرەییە!
ئاوا ورگی ئەو بوونەوەرە نارنجیانە هەڵدەدڕی هەڵ
بەیان هەمدیس لەخەو رابووم
من لەم تەمتومانە بێ کۆتاییەدا چی دەکەم؟
بیرم لە هیچ دەکردەوەو
دەخەنیم و دەخەنیم و هەر دەخەنیم لەپڕ
چنگێ وردە سەمونم بۆ مریشکەکەو
باڵندە کێوییەکانی خودا هەڵداو دەتگوت
جەستەیەکی نازپەروەرەو لە هیکڕا پەرتدەبێ!
کاسێتەکەی - بدیع -م خستە سەرو دەستم بۆ
ژێر سەندەڵییە سپییەکە درێژکرد، کتێبێک
هاتە نێو دەستم لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو مەکتوب

٢٠٠٥/١٢/٢٦

